www.kurdistannet.org
29/01/2002 22:51

# کۆمێدیای (شەرەف کڕینەوە)!

## پیٚشکەشە بە ( فاتیمە )کانی کوردستان

**نورەدین سەعید وەیسی**
nuradinwaisi@hotmail.com

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی رۆژهەڵات، ئەگەرچی لەبەرامبەر پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی تردا (بەتایبەتیش رۆژئاوا) ئیدیعای یەکگرتوویی‌و (شەرەفمەندی) دەکاو لاف و گەزاڤیشی پێوە لێدەدا، بەڵام پێکهاتەیەکە لەسەر بنەمای تەپە سەرکردن و خوێنرێژی، بەناو یەکگرتوویی‌و شەرەفمەندی خۆی پاراستووە، کلتوورێکە پڕە لەدوو روویی‌و دژەکاری.

لەدرێژەی کۆمێدیای (شەرەف کڕینەوە) دا رۆژی ٢٠٠٢/١/٢١ لەشاری ئۆپسالا "کە بەنێوبانگترین شاری زانستیی سوێدە" کچە کوردێك بەنێوی فاتیمە "٢٦ ساڵ" لەلایەن باوکییەوە بەپاساوی ناموس پارێزی‌و بەبەرچاوی دایك و هەردوو خوشکەکەیەوە درایە بەر رێژنەی گوللەو بووە قوربانییەکی دیکەی کلتووری قێزەونی باوك سالاری.

فاتیمە لەساڵی ١٩٩٨ەوە وەك یەکێك لەکەسە چالاکەکانی نێوەندە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و میدیاییەکانی سوێد ناسرابوو، و چەند رۆژێکیش بەر لەکوشتنی، بەمەبەستی تەواو کردنی خوێندنی باڵا بەنیازی سەفەری کینیا بوو.

ئەم هەواڵە سەرنجی زۆربەی میدیاکانی سوێدی و هەندێ میدیای عەرەبی و جیهانی راکێشا، چونکە لەماوەی حەوت ساڵی رابردوودا ئەمە شەشەمین رووداوی کوشتنە بەپاساوی (شەرەف کڕینەوە) لەسوێددا، کە سێ لەقوربانییەکانی کچانی کورد بوون !

راستە توندوتیژی خێزانی هەر تەنها تاپۆ نییە بەسەر کۆمەڵگەی کوردی‌و کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵات بەگشتی، بەڵکو ساڵانە سەدان و بگرە هەزاران ئافرەتی رۆژئاواییش دووچاری زەبرو زەنگ و ئەتك کردن و تەنانەت کوشتنیش دەبنەوە، بەڵام گوناهی ئافرەتانی کوردو رۆژهەڵات چییە کە خێزانەکانیان لەکۆمەڵگەیەکی تا ئەوپەڕی داخراوەوە راپێچی کۆمەڵگایەکی تاسەر ئێسقان کراوە یان دەکەن و مەحکومیشیان دەکەن بەوەی کە تا دوا ئەندازە پەیگیربن بەداب و نەرێت و سوننەتەکانی کۆمەڵگە داخراوەکانیان؟ دەبێ ئەو پیاوانە چەند شانۆگەرییان لەبارەی (قوربانی) بوونی خۆیان لەکۆمەڵگەکانی خۆیاندا دروست کردبێت، بۆ ئەوەی مافی پەناهەندەییان لەکۆمەڵگاکانی رۆژئاوادا پێ ببەخشرێت، لەکاتێکدا لەوێ لەساتەوەختێکی یەکجار کەمدا بەسەر سەری ئافرەتەکانیانەوە دەبنەوە جەلادێکی خوێنرێژو بێ ویژدان؟

ئەمە چ گاڵتە جاڕییەکی بێ وێنەیە (شەرەف)ی ئافرەت تا ئەو ئەندازەیە بچووك بکرێتەوە کە تەنها لەئەندامە زایەندەکانیدا سنووردار بکرێت !

بۆچی پیاوان هەر تەنها خۆیان و بەس، بەرپرسن لەئەندامەکانی لەشی خۆیان و جگە لەخۆیان کەس بۆی نییە لەسەر رەوتارەکانیان لێیان بپێچێتەوە، کەچی کۆنترۆڵی جەستەی ئافرەتیش دەکەن و خۆیان (نەك ئافرەت) رەقیبی جەستەیانن؟ ئەگەر بڕیارە لەسەر (شەرەف) بەمانا کلاسیکی‌و پیاو سالارییەکەی مرۆڤ مەرگ باران بکرێت، داخوا کام گۆڕستانی ئەم دونیایە جێگەی لاشەی پیاوە (خائین)و داوێن پیس و (بێ شەرەف)ەکانی لێ دەبۆوە؟.

لەکوردستاندا بەقەد پیتەکانی هەزاران (شەرەفنامە)دا خوێنی فاتیمەکان رژاوە، ئەگەر ئەم رووباری خوێنە لەپێناو شەرەفی نەتەوە بریندارەکەماندا بڕژێنرایە دەبوو ئێستا سەد ئەوەندەی بەرزاییەکانی (حەسارۆست)و (جودی)و (زاگرۆس) سەرمان بەرز نەبوایە؟